# كاریگەری مۆدێلی لاندا لەسەر دەستكەوتی خوێندن لای خوێندكارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتە كۆمەڵایەتییەكان /جوگرافیا

(توێژینەوەی هەڵهێنجراو لە نامەی ماستەر)


چاوان علی حمە امین
كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
chawan.ali@univsul.edu.iq

پ.ی.د.ڕزگار حمە لاو خالد
كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
rizgar.khalid@univsul.edu.iq


بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٦/١٢ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٥/٦/٢٥


**پوختەی توێژینەوەكە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی كاریگەری مۆدێلی لاندایە لەسەر دەستكەوت لای خوێندكارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتە كۆمەڵایەتییەكان /جوگرافیا، توێژەر پشتی بە دیزاینی ئەزموونی بۆ دوو گرووپی هاوتا بەست، كە ژمارەیان (٣٦) خوێندكار بوو دابەشكران بەسەر دوو گرووپدا (١٨) خوێندكار گرووپی ئەزموونی بە بەكارهێنانی مۆدێلی لاندا وانەیان پێ دەوترایەوە ،(١٨) خوێندكار بۆ گرووپی كۆنترۆڵكراو ، كە بەڕێگایی ئاسایی هەمان بابەتیان پێدەوترایەوە، لە قوتابخانەی كوردجینیەسی بنەڕەتی، هاوسەنگی لەنێوان هەردوو گرووپدا كرا لە گۆڕاوەكانی (نمرەی بابەتە كۆمەڵایەتییەكانی ساڵی پێشوو – تەمەن – ئاستی زیرەكی - ئاستی خوێندەواری دایك و باوك – تاقیكردنەوەی زانیاری پێشینەی خوێندكاران).

توێژەر هەستا بە ئامادەكردنی تاقیكردنەوەیەك لەسەر دەستكەوتی خوێندن كە پێكهاتبوو لە (٣٥) برگە، كە (٢٥) برگە لە جۆری (هەڵبژاردن) و (١٠) برگە لە جۆری (گوتاری) بە پشتبەستن بە خشتەی تایبەتمەندی(جدول المواصفات).

بۆ دڵنیابوون لە ڕاستێتی، ئامرازەكان خرانە بەردەست كۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆڕان، بۆ دەرهێنانی جێگیریی توێژەر شێوازی دووبارەكردنەوەی تاقیكردنەوە (Test-Retest) ی بەكارهێنا، بۆ شیتەڵكردنی ئاماریی توێژەر پشتی بە پاكیجی ئاماری (spss) بەستووە، بە خستنەڕووی ئەنجامەكانی توێژینەوەكەش ئەوە دەردەكەوێ كە جیاوازی مانادار ی ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەی خوێندكارانی گرووپی ئەزموونیی و گرووپی كۆنترۆلكراو لەتاقیكردنەوەی دەستكەوتی خوێندن لە بەرژەوەندی خوێندكارانی گرووپی ئەزموونیدا.

**لە كۆتاییدا لە بەر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەكە، توێژەر كۆمەڵێك پێشنیار و ڕاسپاردەی خستوتەڕوو.**

كلیلە وشەكان : مۆدێلی لاندا، دەستكەوتی خوێندن، بابەتە كۆمەڵایەتیەكان، خوێندكار.


**١-١ كێشەی توێژینەوەكە:**

ئاراستە نوێ و سەردەمییەكان لە پرۆسەی پەروەردە و فێركردندا جەخت لەگرنگی تێگەیشتن لەفێربووندا دەكەنەوە زیاتر لەوەی تیشك بخرێتەسەر لەبەركردنی زانیارییەكان، بۆیە شێوازی وانەوتنەوە پێویستی بەسەرداچوونەوە هەیە لەڕێگەی وروژاندنی بیركردنەوەی فێرخوازان و گەشەپێدانی تواناكانیان بەوەی كە لەگەڵ داخوازییەكانی فێربوونی سەردەمدا بگونجێت. (جابر، ١٩٩٩: ٣٠٤).

لەسایەی ئەو پێشكەوتن و داهێنانە بەرفراوان و خێراییانەی كە بوارە جیاجیاكان و پەروەردەشی گرتوتەوە وایكردووە كە چیتر خوێندكار بەتەنها خولیای وەرگرتنی زانیاری و مەعریفەی نووسراوی ناو پرۆگرامەكانی خوێندن نەبێت كە لەلایەن

مامۆستاوە بگوازرێتەوە بۆیان ، بەڵکو مامۆستا هەڵسێت بە دوبارە ڕێکخستنەوەی مەعریفەو زانیارییەکان و پۆلێنکردنیان بۆچەمکە سەرەکییەکان، بەمەبەستی هۆگربوونی خوێندکاران سەرەرای ڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاو کە لەگەڵ ویست و ئارەزوو توانای فێرخوازان یەکبگرێتەوە ، بۆ ئەوەی کارلێککردن لەنێوان فێرخوازان و ئەو بابەت و زانیارییانەی لەلایەن مامۆستایانەوە بۆیان دەخرێنە ڕوو، ڕوودات. (أبو جادو ، ۲۰۰٦: ۲۳)

لە ئەنجامی کۆمەڵێک توێژینەوەی تایبەت کە لەبواری هەڵســەنگاندنی وانەوتنەوەی جوگرافیا ئەنجام دراون ،جەخت لەسەر نزمی ئاستی دەستکەوتی خوێندکاران لەبابەتی جوگرافیا دەکرێتەوە ،کە بەشێک لەهۆکارەکەی دەگەڕێندرێتەوە بۆ بەکارهێنانی هەندێک لە ڕێگا نەریتییەکانی وانەوتنەوە، کە ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی خوێندکار زیاتر ناچار بکرێت وابەستــــە بێت بە ئەزبەرکردن و ڕێگری لێدەکرێت لە دەربڕینی بیروڕای خۆی کە ئەوەش دەبێتە بەربەســـت لەبەردەم پەرەپێدانی بیرکردنەوە و توانا عەقڵییەکانی لەو توێژینەوەیەی کە جەخت لەم ئەنجامانە دەکەنەوە : لێکۆڵینەوەی(الجبوري،۱۹۹۸)، (حسن،۲۰۲۳)، (مصطفى،۲۰۲۳).

توێژەر مەبەستییەتی لەکۆتایی توێژینەوەکەدا وەڵامی ئەم پرسیارەی دەست بکەوێت:

ئایا مۆدێلی لاندا گاریگەری لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی درووست دەکات لە بابەتی جوگرافیادا؟

**۱-۲ گرنگی توێژینەوەکە:**

لێکۆڵەران بەردەوام لەهەوڵدان مۆدێلە پەروەردەیی و فێرکارییەکان پەرەپێبدەن تاوەکو یارمەتیدەربێت بۆ ڕێکخســـتنی وانەوتنەوە بەشێوەیەکی ڕوون (الزند، ۲۰۰٤ :۳٥٤) ،بەهەمان شێوە زۆرێک لە پەروەردەکاران بە درێژایی تەمەنەکان هەوڵیان داوە مۆدێلە هاوچەرخەکان هۆکارن بۆ دابینکردنی پێداویســتییەکانی خوێندکاران و ڕەچاوکردنی جیاوازییە تاکەکەسییەکانی نێوانیان و هەوڵدان بۆ چارەســەرکردنی کێشـــە پەروەردەییەکانی دەرئەنجامی زیادبون و کەڵەکەبوونی ژمارەی زانیاریی و ڕاستییەکان و چەمکەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا(ناصر و خنياب،۲۰۹:۲۰۰۳).

مۆدێلی لاندا وەک یەکێک لە مۆدێلە فێرکارییەکان، پشـــت دەبەســتێت بەتەکنەلۆجیای فێرکاری لەســـەر بنەمای تیۆری ڕێکخســـتن و دۆزینەوە، کە بەکاردەهێنرێت بۆ چاککردنی تێگەیشـــتنی خوێندکار و یارمەتیدانی بۆ پێکەوەبەســـتنێکی نموونەیی زانیارییەکانی ئەو بابەتەی دەیخوێنێت،، کە ئەمەش بۆ ناوندەکانی خوێندن و دەســـتکەوتی خوێندکار گرنگیەکی زۆری هەیە. (غضبان،٤١١:٢٠١٩).

لەژێرڕۆشنایی ئەو هەوڵانەی باسکران دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینەڕوو:
- بەســـودە بۆ مامۆســـتایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان – جوگرافیا، بەشـــێوەیەکی گشـــتی لەڕووی چۆنیەتی پراکتیزەکردنی هەنگاوەکانی وانەوتنەوە بەبەکارهێنانی مۆدێلی لاندا، لەهەمان کاتدا گونجاوە بۆ وتنەوەی بابەتەکانی تر، کە لە توێژینەوەکانی (عزيز ،۲۰۱۹) و (النعيمى ۲۰۱۳) سەلمێنراوە.
- ئەم توێژینەوە دیدێکی نوێ لە فێرکردنی وانەی جوگرافیا دەخاتەڕوو بە لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی مۆدێلی لاندا لە پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و دەستکەوتی مەعریفی.

- بەسودە بۆ ئەو لایەنانەی کە بەرپرسن لە کردنەوەی خولی مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی مۆدێلەکان، تاوەکو بتوانن بە کاریبهێنن لە وانەوتنەوەکانیاندا.
- ئەم مۆدێلە وا لە خوێندکاران دەکات چەندین لێهاتوویی وەک چارەسەرکردنی کێشە و دروستن کردنی پرسیارو ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان پەرەپێبدەن و تیایدا چالاک بن.

**۱-۳ ئامانجی توێژینەوە:**

زانینی کاریگەری مۆدێلی لاندا لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەتی جوگرافیا.

sjh@univsul.edu.iq

**١-٤ گریمانەی توێژینەوە :**

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی کە بەمۆدێلی لاندا وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە ژمێرەی نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کەهەمان بابەت بەڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن.

**١-٥ سنوری توێژینەوە :**

سنوری بابەتی : بەندەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم ) پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان /جوگرافیا بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، چاپی هەژدەهەم بۆ ساڵی (٢٠٢٤).

سنوری مرۆیی : خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی کوردجنەیسی بنەڕەتی.

سنوری کات : وەرزی دووەم ساڵی خوێندنی (2024-2025)

سنوری شوێن :قوتابخانەی کورد جینیەسی بنەڕەتی،بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی رۆژئاوا، پارێزگای سلێمانی .

**١-٦ پێناسەی زاراوەکان :**

**١-٦-١ کاریگەری :**

- (شحاتە و النجار،٢٠٠٣)

بریتییەلە خستنەڕووی رادەی کاریگەری گۆڕاوێکی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوێکی پاشکۆ یان چەند گۆڕاوێک (شحاتە والنجار،٢٠٠٣ :٢٢)

-(الدویش،٢٠١٠)

توانایەکی کاریگەریە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و بەدەستهێنانی ئەنجامە ویستراوەکان بە گونجاوترین شێوە. (الدویش ،٢٠١٠ : ٢٣).

**پێناسەی رێکاری توێژەر:**

توانای کاریگەری چاوەڕوانکراوە لە بەکارهێنانی مۆدێلی لاندا (گۆڕاوی سەربەخۆ) لەسەر (گۆڕاوی شوێنکەوتوو) لە سەر دەستکەوتی خوێندنی خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

**١-٦-٢ مۆدێلی لاندا :**

(Landa,1983)

مۆدێلی لاندا یەکێکە لەو مۆدێلانەی وانەوتنەوە کە گرنگی دەدات بە کارامەییەکانی بیرکردنەوە، دەتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان مەعریفە و بەدەستهێنانی مەعریفەدا، تێڕاوانینی بۆ خوێندکار بەجۆرێکە کە رووە و زانیاری دەڕوات و توانای بیرکردنەوەی هەیە. (Landa ,1983:34)

(دروزة، ١٩٩٨):

مۆدێلێکە ئامانجی شیکردنەوەی پرۆسە ئەقڵییە ئاڵۆزەکانە، بۆ پرۆسەی سەرەتایی لەژێر بارودۆخ ومەرجی دیاریکراو و دیارینەکراودا ڕوودەدەن. لە ڕێگەی سێ قۆناغەوە جێبەجێ دەکرێت (شیکردنەوە، پێکهێنان و پێکهێنانی پێشکەوتوو) بۆ گەیشتن بە گۆڕینی مەعریفی پرۆسەکان لە ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەکان و دەرخستنی لێوەشاوەیی خوێندکاران. (دروزة،١٩٩٨:٣٥)

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر:**

یەکێکە لە مۆدێلەکانی فێرکردنی کارا کۆمەڵێک هەنگاو و ڕێکار لەخۆدەگرێت بەشێوەیەکی ڕێکخراوی یەک لە دوای یەک، توێژەر لەگەڵ خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی بەکاریهێناوە و چەندین کارامەیی وەک تێبینیکردن و چارەسەرکردنی کێشەو ئاڵوگۆڕکردنی پرسیار و گەڕان بە دوای زانیاری و شرۆڤەکردنی لە بابەتی وانەکەیاندا جێبەجێکردووە، بەو مەبەستەی کە ئاستی دەستکەوتی خوێندکار باشتر بکات.

sjh@univsul.edu.iq

**١-٦-٣ دەستکەوتی خوێندن:**

**(ابو جادو ،٢٠٠٠):**

دەرئەنجامی ئەو دەستکەوتەیە خوێندکار لەدوای پرۆسەی فێربوون بەدەستی دێنێت بەنمرە پێوانە دەکرێت ،بەمەبەستی زانینی ڕادەی سەرکەوتنی مامۆستا لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا ،گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان.

(ابو جادو ، ٤٦٩:٢٠٠٠)

(الساعدي، ٢٠٢٠) :

ئەنجامی کۆتاییە کە ئاست و پلەی سەرکەوتنی خوێندکار نیشان دەدات لەوەی کە پێشبینی دەکرێت فێری بوبێت. (الساعدي، ١٩:٢٠٢٠)

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر:**

بریتییە لە ڕادەی سوودبینینی خوێندکار لە بابەتە فێرکارییەکە یاخود ئەو مۆدێلەی بەکارهێنراوە کە بەنمرە پێوانە کراوە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی دەستکەوت بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو .

**٢-١ چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**٢-١ مۆدێلی لاندا :**

مۆدێلی لاندا مۆدێلێکی پەروەردەییە کە بۆ باشترکردنی تێگەشتنی خوێندکار بە پێی ئەم مۆدێلە خوێندکار خۆی ڕاستییەکان ڕێکدەخات و دەیدۆزێتەوە بەبەکارهێنانی ڕێنماییەکانی مامۆستا. (Landa ,1983:38)
ئەم مۆدێلە یەکێکە لە مۆدێلەکانی فێربوونی چالاک بەوپێیەی دەتوانرێت لە وانەوتنەوەی بابەتە جۆراوجۆرەکان لە هەموو کاتەکاندا بەکاربهێنرێت. (عزیز،٢٢:٢٠١٩)

**٢-١-٢ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی مۆدێلی لاندا :**

دابەشکردنی قوتابیان لە ناو پۆلدا بۆ چەند گروپێک کە هەرگروپێک (٤-٥) کەس دەبێت .
پاشان وانەکە بە چوار قۆناغدا تێپەردەبێت کە زانیارییەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە:

**قۆناغی یەکەم: دۆزینەوەی ئاڕاستەکراو- ڕێنمای کراو(الاكتشاف الموجه)**

قوتابی لێرەدا ڕێگایەکی نوێ بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکان بکات بەشێوازێکی نوێ بیەکردنەوەو شیکردنەوە بەکاردەهێنێت و خۆی بە دوای زانیارییەکان دەڕوات تا بگات بە دۆزینەوە، واتە بابەتەکە پشت بە لەبەرکردن نابەستێت بەڵکو خۆی ئیش لەسەر بابەتەکە دەکات لە ڕێگەی ئەو زانیارییەی وەریگرتووە، مامۆستا قوتابییەکان ئاگادار دەکاتەوە کە خۆیان ئامادەبکەن بۆ هەندێک بابەت و پرسیار ئامادەبکەن و بابەتەکە لەسەر وایتبۆرد دەنوسێت و داوایان لێ دەکات گرووپەکان ڕای خۆیان بە نووسین دەربارەی دەربڕن.

**قۆناغی دووەم : خستنەڕوو و ڕوونکردنەوە (الشرح و التوضيح)**

فێرکردن لە ڕێگەی ڕوون کردنەوە یەکێکە لە شێوازە گرنگەکان و زۆرترین کات بەکارهێنراوە ، مامۆستا زانیاری نوێ بۆ خوێندکارەکان ڕووندەکاتەوە ،بەبەکارهێنانی ئامرازێکی دەنگی یان بینراو تاوەکو ناوەڕۆکەکە ڕوونتر بێت و تێگەشتن ئاسانتر بێت لە بابەتەکە.

**قۆناغی سێیەم : پێکەوە بەستن و گریدانی قۆناغی یەکەم و دووەم (المزاوجة بين المرحلة الاولى و الثانية)**

ئەم قۆناغە بە قۆناغێک دادەنرێت بۆ بەستنەوەی دووقۆناغی پێشووی مۆدێلەکە ،(دۆزینەوەی ئاڕاستەکراو و ڕوونکردنەوە ) کە مامۆستا هاوسەنگی درووست دەکات لە نێوان ئەوەی خوێندکاران لە قۆناغی دۆزینەوەی ئاڕاستەکراودا پێی گەشتوون لەگەڵ ئەوەی لە قۆناغی ڕوون کردنەوەدا ڕوون دەکرێتەوە، لێرەدا ڕۆڵی مامۆستا دەبێتە پاڵنەر و هاندانی ئەو خوێندکارانەی کە بەشێوەیەکی درووست زانیارییان بەدەست هێناوە و ئەو هەڵانە ڕاست بکاتەوە کە بەشێک لە خوێندکارەکان کردوویانە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەم هەڵانە دووبارەنەبنەوە.

sjh@univsul.edu.iq

**قۆناغی چوارەم :گلۆکردنەوە وەک تۆپی بەفر (تدحرج كرة الثلج)**
قۆناغی کۆتایی نوێنەرایەتی وانەکە دەکات ،وە قۆناغێکە بۆ داخستنی وانەکە یاخود داخستنی هەربابەتێک لەوانەکە بە ئامانجی چەسپاندن و کاراکردنی ئەو زانیارییەی کە خوێندکاران بەدەستیان هێناوە، واتە شێوازی کەڵەکەبووی ئەو زانیارییانەیە کە پێشتر وەریان گرتووە، مامۆستا هەوڵدەدات پەیوەندی لە نێوان زانیارییەکان دروست بکات و دوبارە دەکرێنەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئایا گەیشتوون بەو ئامانجەی کە مەبەستیان بووە لە فێربوونی خوێندکار. (المقوسي،٢٠٢١ :٩٢)

**٢-٢ توێژینەوەکانی پێشوو:**

**خشتەی ژمارە (١)خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو**

| ژ | ناوی توێژەرو وڵات و ساڵی ئەنجامدان | ئامانجی توێژینەوە | کۆمەڵگەی توێژینەوە و قەبارەی نموونەی | میتۆدی توێژینەوە | ئامرازە ئامارییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یوسف ٢٠٢١: مصر | زانینی کاریگەری بەکارهێنانی مۆدێلی لاندا لەسەر پەرەپێدانی هەندێک خووی دەروون و پاڵنەر بۆ دەستکەوت لە زانستدا لە قوتابخانەی ناوەندی دا . | خوێندکارانی پۆلی دووەمی ناوەندی لە پارێزگای الشرقية ،کە تەمەنیان لە نێوان (١٢-١٣) ساڵی ،ژمارەیان (٣٦٥٥)نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (٧٠)خوێندکار بۆهەردوو گرووپ. | ئەزموونی | - تاقی کردنەوەی (test.T)بۆ نمونەی سەربەخۆ ، -هاوکێشەی گرانی برگەکان،-هێزی جیاکەرەوە ،-( spss ver.16) . |
| ٢ | غضبان ٢٠١٨: بەغداد – عێراق | زانینی کاریگەری مۆدێلی لاندا لە دەستکەوت و هەڵوێست بەرانبەر بە بابەتی کۆمەڵناسی لەنێو خوێندکارانی پۆلی چوارەمی وێژەیی | خوێندکارانی پۆلی چوارەمی وێژەیی لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی دەوامی ڕۆژانەی سەر بەبەڕێوبەرایەتی پەروەردەی بەغداد - ڕەسافەی یەکەم. ٨٣) خوێندکاری نێر و مێ کە دابەشکراون بەسەر دوو گرووپی خوێندندا | ئەزموونی | بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-Test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، بەپێوانەی (لیکرت) - هاوکێشەکەی (سپیرمان) -(پیرسۆنـ) |
| ٣ | النعيمي ٢٠١٣: دیالە | زانینی کاریگەری مۆدێلی لاندا لەسەر بەدەستهێنان و مانەوەی چەمکە ڕەوانبێژییەکان لەنێو خوێندکارانی لە بابەتی ئەدەبی پۆلی پێنجەمدا. | یەکێک لە خوێندنگا دواناوەندییەکانی کوڕان لە قەزای میقدادیە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٣،کە ژمارەی خوێندکاران (٥٠) خوێندکار بوو (٢٥) بۆ گرووپی ئەزموونی ، (٢٥) بۆ گرووپی کۆنترۆڵکراو . | ئەزمونی | تاقیکردنەوەی T-testبۆ نمونەی سەربەخۆ ،وە Chi-squara x2 -وە هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن -وە sperman brown – وە بەکارهێنانی Item discrimination |

**٢-٢- ١شیکاری بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو**
توێژەر هەوڵیداوە توێژینەوەکان بەراورد بکات لەگەڵ توێژینەوەکەی ئێستا و ڕوون کردنەوەی خاڵە هاوبەشەکان و جیاوازەکان لە نێوانیان دا بەم شێوەیەی خوارەوە:

***شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکان :**

توێژینەوەکان لە شـــوێنی جیاجیادا ئەنجامدراون ،توێژینەوەکەی (یوســـف ٢٠٢١) لە مصـــر، توێژینەوەکانی (غضـــبان ،٢٠١٨) لە عێراق ئەنجام دراوە، بەڵام توێژینەوەی (النعیمي ،٢٠١٣) لە دیالە ئەنجام دراوە، توێژینەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان/عێراق ئەنجام دراوە.

***ئامانجی توێژینەوەکان :**

توێژینەوەکانی پێشـــووتر لە ڕووی ئامانجەوە لە یەکتری جیاوازبوون، بەپێی ســـروشـــتی ئەو کێشـــەیەی کە هەریەکەیان مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، زۆربەیان لە گۆڕاوی دەستکەوتدا هاوبەشن، بە لام توێژینەوەی (النعیمی ،٢٠١٣) گۆڕاوەکانی بەدەســـتهێنان و مانەوەی چەمکە ڕەوانبێژییەکانە ،وە ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوەکانی (یوســـف ٢٠٢١) و (غضـــبان ،٢٠١٨) نزیکە هەرچەندە توێژینەوەی (غضـــبان) بەرەو بەبەتی کۆمەڵناســـییە لە کاتێکدا ئەم توێژینەوەیە بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان- جوگرافیایە.

***میتۆدی توێژینەوەکان :**

هەموو توێژینەوەکان کە خراونەتەڕوو پشـــتیان بە میتۆدی (ئەزموونی ) بەســـتووە بە هۆی گونجانی لەگەڵ ســـروشـــتی توێژینەوەکە، ئەمەس هاوبەشە لەگەڵ توێژینەوەکەی ئێستا کە میتۆدی ئەزموونی بەکارهێناوە .

***قەبارەی توێژینەوەکان :**

قەبارەی نموونەی بەکارهێنراوەی توێژینەوەکان جیاوازبوون، گەورەترین قەبارەی نموونە لە توێژینەوەکاندا توێژینەوەی (غضـــبان،٢٠١٨) کە (٨٣) خوێندکار بووە، لە کاتێکدا بچووکترین قەبارە نموونەی توێژینەوەکەی (النعیمي ،٢٠١٣)، کە (٥٠) خوێندکار بووە قەبارەی نموونەی توێژینەوەکەی ئێستا (٣٦) خوێندکاربوو .

***ئامرازەکانی توێژینەوەکان :**

لە ئامرازەکاندا توێژینەوەکان جیاوازبوون هەندێکیان پشتیان بە تاقیکردنەوەی دەستکەوت بەستووە هە ندێکیان پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی دروســـتکەر لە زانســـتدا، بەڵام توێژینەوەی ئێســـتا تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بەکار هێناوە.

**٢-٢-٢ سوودی توێژینەوەکانی پێشوو :**

**لە دوای تێڕوانینی توێژەر لە توێژینەوەکانی پێشوو ،سودی لەم لایەنانە وەرگرت ؛**

١- چۆنیەتی دیاریکردن و هەڵبژاردنی ئاماری گونجاو.

٢- سودبینین لە داڕشتنی کێشە و گریمانەی توێژینەوەکە .

٣- وەک سەرچاوەی زانستی سودیان لێوەرگیراوە بە تایبەت لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە.

٤- دەســـت نیشـــانکردنی گۆڕاوی توێژینەوەکانی پێشـــوو و بەراوردکردنیان لەگەڵ گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەی ئێســـتا بۆ زانینی لێکچوون و جیاوازی نێوانیان .

٥- بۆ دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە و شێوازی هەڵبژاردنی.

٦- سود وەرگرتن لە دیزاینی ئەزموونی و ڕێکارەکانی توێژینەوە

**٣-١ ڕێکارەکانی توێژینەوە:**

ئەم بەشـــە بریتییە لە خســـتنەڕووی ئەو ڕێکارانە کە لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەو دەکرێن لە ڕووی بەکارهێنانی دیزاینی ئەزموونی گونجاو پێناســـەکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە و هەڵبژاردنی نموونەو دابەشـــکردنی بەســـەر دوو گرووپدا و چۆنیەتی هاوتاکردنیان ،هەروەها ئامرازەکانی توێژینەوە لە ڕاســـتی و جێگیری تاقیکردنەوەی دەســـتکەوت، لەگەڵ گرنگترین ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان .

**٣-١ میتۆدی توێژینەوە**

توێژەر میتۆدی ئەزموونی پەیڕەوکردووە و بە میتۆدێکی گونجاوی زانیوە بۆ ئەم جۆرە توێژینەوەیە ،چونکە لەســـەر بنەمای کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان دامەزراوە بۆ ئەوەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکە بزانێت بە بەراوردکردنی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکان ،وە میتۆدی توێژینەوە بریتییە لە بەکارهێنان و گرتنەبەری ڕێگاو شـــێوازی

زانستی بەمەبەستی گەیشتن بە ڕاستییە نوێیەکان و سەلماندنیان ،لە پێناو دەوڵەمەند کردن و گەشەکردنی مەعریفەی مرۆڤایەتی دا. (بۆکانی ،٢٠٢٠: ٣٥).

گۆڕاوی سەربەخۆ لە توێژینەوەکەدا بریتییە لە مۆدێلی لاندا بۆ بەندەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم ) بابەتی جوگرافیای کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بۆ خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەکاردەهێنرێت، لە کاتێکدا گرووپی کۆنترۆڵکراو بە ڕێگای ئاسایی وانەکە دەخوێنن ،وە گۆڕاوە پاشکۆکە بریتییە لە دەستکەوتی خوێندن بۆ خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، وەک لە خشتەی ژمارە(2) ڕوون کراوەتەوە .

خشتەی ژمارە ( 2 )

دیزاینی ئەزموونی بەکارهێنراو لە توێژینەوەکەدا

| گرووپ | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | تاقیکردنەوەی پاشەکی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | مۆدێلی لاندا | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | تاقیکردنەوەی دەستکەوت |
| کۆنترۆڵکراو | ڕێگای وانەبێژی (ئاسای) | | |

**٣-٢ کۆمەڵگای توێژینەوە**

دەستنیشانکردنی کۆمەڵگای توێژینەوە لە توێژینەوە پەروەردەییەکاندا کارێکی گرنگە و سەرەکیە، لەبەرئەوەی یەکەم هەنگاو لە هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەدا، دەستنیشانکردنی کۆمەڵگا جێگای بایەخ پێدانە، واتە توێژەر دەیەوێت ئەنجامی توێژینەوەکەی لەسەر کۆمەڵێك گشتاندن بکات، کۆمەڵگای توێژینەوەکەش بریتییە لە گەورەترین کۆمەڵە کە گریمانە دەکرێت ئەنجامی توێژینەوەکەی لەسەر بگشتێندرێت. (قەرەچەتانی،٢٠١٤: ٧١).

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی ناوەندی پارێزگای سلێمانی (حکومی و تایەتییەکان ) وەک لە خشتەی (3) هاتووە .

خشتەی ژمارە(3)

ژمارەی خوێندکارانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە هەردوو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

| خوێندکار | ژ.قوتابخانە | ژ.قوتابی مێ | ژ.قوتابی نێر |
|---|---|---|---|
| **پەروەردەی ڕۆژهەڵات** | ١٨٠ | ٣٥٤٠ | ٥١٨٨ |
| **پەروەردەی ڕۆژئاوا** | ١٠٩ | ٣٥٠٣ | ٥١٩٢ |
| **کۆمەڵگەی پەروەردەیی ناحکومی** | ١٢ | ٢٥١ | ٣٤٥ |
| **قوتابخانە ناحکومییەکان** | ٢٧ | ٣٩٧ | ٥٠١ |
| **کۆی گشتی** | ٣٢٨ | ٧٦٩١ | ١١٢٢٦ |

**٣-٣- نمونەی توێژینەوەکە**

نموونە بەشێکە لەو کۆمەڵگەیەی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت توێژەر هەڵیدەبژێرێت بەپێی شێوازێکی تایبەت بۆئەوەی بەشێوەیەکی دروست نوێنەرایەتی کۆمەڵگە بکات (مصطفى،٢٠٢٣:٥٤).وە بریتییە لەبەشێک لەو کۆمەڵگەیەی کە خەسڵەتێکی هاوبەشی تێدایە و نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکەی دەکات.

(بۆکانی ،٢٠٢٠: ١١٢).

**٣-٣-١ نمونەی قوتابخانە**

بۆ دەست نیشان کردنی نمونەی توێژینەوە ، لە پاش ناردنی نوسراو لە ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی- زانکۆی سلێمانی بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی پاشان ئاراستەکردنی نوسراوی ڕێگەپێدان بۆ قوتابخانەکە، توێژەر قوتابخانەی کۆمەڵگەی پەروەردەیی (کورد جینیەس) ی هەڵبژارد کە قوتابخانەیەکی ناحکومییە و سەر بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانییە ، لەسەر ئەو بنەمایەی کە پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانە ناحکومییەکان بەهەمان شێوازی قوتابخانە حکومییەکانە و پێویستە لەسەریان پابەند بن بە هەمان مەنهەجەوە، **هەوەها**

بەهۆی بایکۆتی قوتابخانە حکومییەکانەوە بەردەوامی پرۆسەی خوێندن بەشێوەیەکی زۆر باش لە قوتابخانە ناحکومییەکاندا و ناچاربوونی توێژەر بەپابەندبوون بە تەواوکردنی توێژینەوەکەی لەو ماوەیەی بۆی دەستنیشان کراوە، بە مەبەست قوتابخانەی ئاماژەپێکراوی هەڵبژارد تاوەکو ببێتە نمونەی توێژینەوەکە، وەک نوێنەرایەتییەک بۆ تەواوی قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان.

**٣-٣-٢ نموونەی خوێندکار**

توێژەر پاش سەردانیکردنی بۆ قوتابخانەکە بۆی دەرکەوت کە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە حەوت هۆبە (لق) (A,B,C,D,E,F,G) پێک هاتبوون ، بەهۆی ئەوەی تەواوی هۆبەکان یەک تایبەتمەندییان هەبووە و توێژەریش پێویستی بە تەنها دوو هۆبەیە، بۆیە بە شێوەیەکی هەرەمەکی سادە دوو گرووپی هەڵبژارد ، لەئەنجامدا هۆبەی (A) بوو بە گرووپی ئەزموونیی کە ژمارەیان (١٨)خوێندکار بوو ،وە هۆبەی (B) بوو بە گرووپی کۆنترۆڵکراو کە ژمارەیان (١٨) خوێندکار بوو ،ژمارەی خوێندکارانی هەردوو گرووپ بریتی بوو لە (٣٦)خوێندکار کە ژمارەی هەردوو گرووپەکە هاوسەنگە بە هۆی سیستەمی خوێندنگەکەوە زۆربەی هۆبەکان ژمارەی خوێندکارەکانی لە (١٨) خوێندکار پێکهاتبوو. بڕوانە خشتەی ژمارە(4)

خشتەی ژمارە(4)
ژمارەی خوێندکارانی هەردوو گرووپ

| لق | هۆبە | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارەی خوێندکاران | ژمارەی کۆتای خوێندکاران |
|---|---|---|---|---|
| A | ئەزموونی | مۆدێلی لاندا | ١٨ | ١٨ |
| B | کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | ١٨ | ١٨ |
| کۆ | | | ٣٦ | ٣٦ |

**٣-٤ هاوتاکردنی گرووپەکانی توێژینەوە**

**٣-٤-١ تەمەنی خوێندکاران:**

توێژەر تەمەنی خوێندکارانی (نمونەی توێژینەوە ) لەڕێگای تۆمارێکی تایبەت لە سیستەمی قوتابخانە وەرگرت سەرەڕای دابەشکردنی فۆرمی تایبەت بەسەر خوێندکاران بۆ وەرگرتنی بەرواری ڕۆژو مانگ و ساڵی تەمەنیان، پاشان هەژمارکردنی تەمەنیان بە مانگ، بۆدڵنیابوون لە ڕادەی هاوتایی لە نێوان هەردوو پۆلی هەشتەم (A,B) و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ، بەمەبەستی زانینی جیاوازی مانادارى ئامارییی لە نێوان هەردوو گرووپی ( ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو )، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی مانادارى ئامارییی نییە، چونکە بەهای (T) ئەژمارکراو بریتی بوو لە (1.446)کەمترە لە بەهای خشتەیی (2.028) لە ئاستی بەڵگەداری (0،05) بە نمرەی ئازاد (34) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەردوو گرووپ لە گۆڕاوی تەمەندا هاوتان، بڕوانە خشتەی (5)

**خشتەی ( 5)**
ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ تەمەنی خوێندکارانی هەردوو گرووپ

| گروپەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی (T) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری(٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزمونی | ١٥٩،٨٩ | ٤،٤٨٤ | ١،٤٤٦ | ٢،٠٢٨ | ٣٤ | بەڵگەداری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ١٦٢،٢٨ | ٥،٣٨٩ | | | | |

**٣-٤-٢ زانیاری پێشینە دەربارەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان - جوگرافیا**

توێژەر بەمەبەستی زانینی زانیاری پێشینە لە بابەتی کۆمەڵایەتییەکان -جوگرافیا لای خوێندکارانی هەردوو گرووپ ،هەستا بە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەک لە جۆری پرسیاری (هەڵبژاردن ) کە لە (١٧) برگە پێک هاتبوو ،پشت بەست **بە**

ناوەڕۆکی بابەتی جوگرافیا لە پەرتووکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانی پۆلەکانی (٦-٧)ی بنەڕەتی بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی شیاوی و گونجاوی بڕگەکان خرایە بەردەست کۆمەڵێک شارەزا و پسپۆڕ، دوای ڕەزامەندی شارەزایان بەسەر هەردوو گرووپدا جێبەجێکرا لە ڕۆژی دووشـــەممە لە (٢٠٢٥/٢/٣) دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکە بە شـــێوەیەکی ورد هەڵەچنی بۆ وەڵامەکانی هەردووگرووپ کرا بەجۆرێک بۆ هەر وەڵامێکی ڕاســـت (یەک ) نمرەی پێدەدرا، وە بۆ هەر وەڵامێکی هەڵە (ســـفر)دانرا، پاشـــان توێژەر بەمەبەســـتی زانینی جیاوازی ماناداری ئامارییی لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی مانـاداری ئـامـاری نییە بە بەکارهێنـانی تـاقیکردنەوەی (T-test) بۆ نموونەی ســـەربەخۆ، پاش دەرهێنـانی نـاوەنـدە ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گرووپ، بەهـای (T) ئەژمارکراو بریتی بوو لە (٠،٨٩٤) کەمترە لە بەهایی خشـتەیی (٢،٠٢٨) لە ئاسـتی بەڵگەداریی (٠،٠٥) بەنمرەی ئازاد (٣٤) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەردوو گرووپ هاوتان، بڕوانە خشتەی ژمارە(6)

**خشتەی ژمارە (6)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرەیی زانیاریی پێشینەی جوگرافیا**

| گروپەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی (T) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری(٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزمونی | ١٢،٩٤ | ١٢،٢٩٣ | ٠،٨٩٤ | ٢،٠٢٨ | ٣٤ | بەڵگەداری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ١٠،٣٣ | ١،٥٧٢ | | | | |

**٣-٤-٣ نمرەی کۆتایی ساڵی پێشوو لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان**

توێژەر نمرەی کۆتایی ســـاڵی پێشـــووی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)ی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی لە تۆماری قوتابخانە وەرگرت، پاشـــان بەمەبەســـتی زانینی جیاوازی ماناداری ئامارییی لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزموونیی و کۆنترۆڵکراودا پاش شـــیکاری ئـاماری بۆ هەردوو گرووپ، لەئەنجـامدا دەرکەوت کە جیـاوازی مـانـاداری ئـامـاری نییە بە بەکـارهێنـانی تاقیکردنەوەی (T-test) ،بۆ نموونەی ســـەربەخۆ پاش دەرهێنانی ناوەندە ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ و بەهایی (T) ئەژمارکراو بریتیی بوو لە (٠،٨٩٤) ، کەمترە لە بەهایی خشتەیی (٢،٠٢٨) ، لە ئاستی بەڵگەداریی (٠،٠٥) بە نمرەی ئازاد (٣٤) ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەردوو گرووپ هاوتان لەڕووی نمرەی ساڵی پێشوو بڕوانە خشتەی ژمارە (7)

خشتەی ژمارە(7)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرەیی لە نمرەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ساڵی پێشوو

| گروپەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی (T) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری(٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزمونی | ٨٧،٠٠ | ١٥،٦٦٩ | ٠،٨٩٤ | ٢،٠٢٨ | ٣٤ | بەڵگەداری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٨٢،٧٢ | ١٢،٩٢٤ | | | | |

**٣-٤-٤ ئاستی زیرەکی**

بۆ زانینی ڕادەی هاوتایی لە نیوان هەردوو گرووپ نموونەی توێژینەوە لە گۆڕاوی ئاسـتی زیرەکی ،پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرپەرشتیاران و کەسانی پسپۆڕ، تاقیکردنەوەی جۆن ڕاڤن (John Carlyle Raven) (ابو حطب ،١٩٨٧: ٩٩). بەکارهێنرا، کە بریتییە لە کۆمەڵێک وێنە یەکێکیان تەواو نەکراوە، داوا لە خوێندکاران دەکرێت هەڵبژاردنی گونجاوی خۆی بۆ هەڵبژێرێت، ئەم پێوەرە پلەیەکی بەرزی لە ڕاســـتی و جێگیری هەیە ،هەروەها لە زۆرێک لە توێژینەوەکانی وڵاتان بەکارهاتووە، بە شـــێوەیەکی گشـــتی پێک هاتووە لە (٤٠) بڕگەی وێنەیی کە دابەش بووە بەســـەر (٥) گرووپدا (A,B,C,DE) تاقیکردنەوەکە لە یەک کاتدا بەسەر هەردوو گرووپ لە ڕێگای بەکارهێنانی داتاشۆ لە ڕۆژی (چوارشەممە ٢٠٢٥/٢/٥) جێبەجێکرا، کاتی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوەکە بریتی بوو لە (٤٠)خولەک پاشـــان هەڵەچنی پرســـیارەکان

کرا بە پێی کلیلی پشـــکنینی وەڵامەکان، خوێندکار بۆ هەر وەڵامێکی ڕاســـت (یەک ) نمرە وەردەگرێت بۆ یەک وەڵامی هەڵەش (ســـفر) وەردەگرێت، بۆ زانینی جیاوازی بەڵگەداریی نێوان هەردوو ناوەندە ژمێرەیی تاقیکردنەوەی (t.test) بۆ دوو نموونەی ســـەربەخۆ، بەکارهێنا پاش دەرهێنانی ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گرووپ و بەهای (T)ئەژمارکراو بریتی بوو لە (٠،٠٣٩) کەمترە لە بەهای خشتەیی کە بریتی بوو لە (٢،٠٢٨)لە ئاستی بەڵگەداریی (٠،٠٥) بە نمرەی ئازاد (٣٤) ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەردوو گرووپ هاوتان لە ئاستی زیرەکییان بە پێی پێودانگی زیرەکی (جۆن ڕاڤن ) بڕوانە خشتەی ژمارە ( 8) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرەیی ئاستی زیرەکی.

خشتەی ژمارە(8)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T)بۆ جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرەیی ئاستی زیرەکی.

| گرووپەکان | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی (T) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری(٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٠،٠٦ | ٣،٠٩٦ | ٠،٠٣٩ | ٢،٠٢٨ | ٣٤ | بەڵگەداری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٠،٠٠ | ٥،٠٢٣ | | | | |

## ٣-٤- ٥ ئاستی خوێندەواری باوکان

توێژەر ئاســـتی خوێندەواری باوکانی لە ڕێگەی فۆرمێکەوە بەدەســـت هێنا چەند پلەیەکی بۆیان دیاریکرد بە پێی جۆری بروانامەی خوێندن، پاشـان ئاستی بروانامەکانی ڕیزبەند کرد لە نزمترین ئاستەوە بۆ بەرزترین ئاست بەمەبەستی زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان هەردوو گرووپ ،هاوکۆلکەی (کا²)بەکارهێنا، لەپاش دەرهێنانی ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گرووپ، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای (کا²) ئەژمارکراو بریتی بوو لە (١،١١٧) کە کەمترە لە بەهای خشـــتەیی (٥،٩٩) لە ئاســـتی بەڵگەداری(٠،٠٥) بە نمرەی ئازاد (٢) واتا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان هەردوو گرووپدا ،ئەمەش هاوتایی هەردوو گرووپ پیشـــان دەدات ،لە گۆڕاوی بروانامەی باوکان بڕوانە خشتەی ژمارە ( 9 )

خشتەی ژمارە(9)

بەهای (کای²)بۆ جیاوازی ئاستی بروانامەی باوکان

| گۆڕاو | گرووپەکان | ناوەندی بەدەست هێنانی باوکان | | | بەهای (کای²) | | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بنەرەتی و ئامادەیی | دبلۆم | بەکالۆریۆس و بەرەو سەرەوە | | | | |
| ئاستی خوێندەواری باوکان | ئەزموونی | ٦ | ٧ | ٥ | نمرەی ئازاد | ئەژمارکراو | خشتەیی | بەڵگەداری نییە |
| | کۆنترۆڵکراو | ٥ | ٥ | ٨ | | | | |
| | کۆ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ٢ | ١،١١٧ | ٥،٩٩ | |

### ٣-٤-٦ ئاستی خوێندەواری دایکان

توێژەر ئاســتی خوێندەواری دایکانی خوێندکارانی بەهەمان ڕێکار و هەنگاوەکانی باوکان بە دەســت هێنا بەمەبەســتی زانینی جیاوازی ئاماری بەڵگەداری لەنێوان هەردوو گرووپ ،هاوکۆلکەی (کا^٢)ی بەکارهێنا پاش دەرهێنانی ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گرووپ، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای (کا^٢) ی ئەژمارکراو بریتی بوو لە (٠،٤٦٨) کەمترە لە بەهای خشتەیی (٥،٩٩) ، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) ، بەنمرەی ئازاد (٢) ، واتا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان هەردوو گرووپدا ، ئەمەش هاوتایی هەردوو گرووپ پیشاندەدات، لە گۆڕاوی بڕوانامەی دایکان بڕوانە خشتەی ژمارە(10).

خشتەی ژمارە ( 10 )

بەهای (کای^٢)بۆ جیاوازی ئاستی بڕوانامەی دایکان

| گۆڕاو | گرووپەکان | ناوەندی بەدەست هێنانی دایکان: بنەڕەتی و ئامادەیی | ناوەندی بەدەست هێنانی دایکان: دبلۆم | ناوەندی بەدەست هێنانی دایکان: بەکالۆریۆس و بەرەو سەرەوە | بەهای (کای^٢): نمرەی ئازاد | بەهای (کای^٢): ئەژمارکراو | بەهای (کای^٢): خشتەی | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی خوێندەواری دایکان | ئەزموونی | ٦ | ٦ | ٦ | | | | بەڵگەداری نییە |
| | کۆنترۆڵکراو | ٥ | ٥ | ٨ | | | | |
| | کۆ | ١١ | ١١ | ١٤ | ٢ | ٠،٤٦٨ | ٥،٩٩ | |

### ٣-٥ پێداویستییەکانی توێژینەوەکە:

### ٣-٥-١ بابەتی خوێندن

توێژەر هەستا بەدەستنیشانکردنی بابەتی خوێندن دوای ڕاوێژکردن بە کەسانی پسپۆڕو مامۆستایانی تایبەت بە بابەتەکە، کەچەند ســاڵێک وانەکەیان وتوتەوە ســەرەڕای ســودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی (حســن :٢٠٢٣) و(ئەمین :٢٠٢٣) و (مصطفی:٢٠٢٣) کە بۆ پۆلی هەشتەم ئەنجامدرابوون بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە لە بەندەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم ) پێکهاتبوون، لە پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان /جوگرافیای بڕیارلێدراوی خوێندن بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردســتان -عێراق -چاپی هەژدەهەم و ســاڵی ٢٠٢٤ی زاینی بە پێی ماوەی ئەزموونی توێژینەوەکە ناوی بەندەکان و ناونیشان و ژمارەی لاپەڕەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (11)

خشتەی ژمارە ( 11 )

دیاریکردنی ناوی بەندەکان و ناونیشان و ژمارەی لاپەڕەکان بۆ بابەتی ئەزموونەکە

| بەندەکان | ناونیشانی بەندەکان | ژمارەی لاپەڕەکان |
|---|---|---|
| **یەکەم** | **کیشوەری ئاسیا** | **١٤** |
| **دووەم** | **کیشوەری ئەوروپا** | **١٢** |
| **سێیەم** | **کیشوەری ئەفەریقا** | **١٤** |
| **کۆی گشتی لاپەڕەکان** | | **٤٠** |

**٣-٥-٢ دیاریکردن و دارشتنی ئامانجە رەفتارییەکان :**

ئامانجە رەفتارییەکان ئاماژەن بەو دەرئەنجامە فێربوونانەی کە چاوەروان دەکرێت لە خوێندکاران دوای پرۆسەی وانەوتنەوە بەدی بهێنن کە دەتواندرێت لە لایەن مامۆستاوە پێوانە بکرێت.(الخزرجی، ٢٠١١:٦١) دارشتنی ئامانجی رەفتاری بۆ هەربەرنامەیەک هەنگاوێکی بنەرەتییە لە بونیاتگەریدا، چونکە یارمەتیدەرە بۆ مامۆستا بۆ دیاریکردنی ناوەرۆکی وانە زانستییەکان و رێکخستنی، وە نوێنەرایەتی پێوەری بنەرەتی دەکات لە هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردەدا (العبیدي ،٢٠٠٦: ٨٠) لەبەر گرنگی ئامانجە رەفتارییەکان لەپرۆسەی فێربووندا توێژەر بە پێی سروشتی ناوەرۆکی بابەتی توێژینەوەکەی ئامانجەکانی دارشت بۆ (٦٩) ئامانج، بەگوێرەی پۆلێنی (بلۆم-Bloom) لە بواری مەعریفی دا لە ئاستەکانی (بیرهێنان ،تێگەشتن ،جێبەجێکردن ،شیکردنەوە )، نموونەی خرایە بەردەم کۆمەڵێک لەهەڵسەنگێنەران و پسپۆرانی بواری رێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانەو هەڵسەنگاندن و مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بۆ وەرگرتنی راوبۆچون و تێبینی و پێشنیارەکانیان بەمەبەستی باشتر دارشتنی بە جۆرێک کە راست و دروستبن وسەرکەوتنی ئەزموونەکە مسۆگەربکەن، بۆ دڵنیابوونیش توێژەر هاوکێشەی (جی کۆپەر-J.cooper) بۆشیکاری بەرێژەی (٨٥٪) بۆ سەرەوە وەک پێوەرێک بۆ پەسەندکردنی هەرئامانجێکی رەفتاری دیاری کرد و لەسەر رۆشنای راوسەرنجی شارەزایان هەموارکران، دواتر دارشتنی ئامانجەکان بۆ هەرئاستێک بەم شێوەیە مایەوە ،(٣١) ئامانج لە ئاستی بیرهێنان و (١٣) ئامانج لە ئاستی جێبەجێکردن و (١٥) ئامانج لە ئاستی تێگەشتن و (١٠) ئامانج لە ئاستی شیکردنەوە.

**٣-٥-٣ ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە**

یەکێک لە پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ئەزموون دانانی پلانی وانەوتنەوەیە، مەبەست لە پلانی وانەوتنەوە گرتنەبەری پرۆسەیەکی وێناکردن و خستنەکاری ئەو بریارلێدراوانەیە کە پێویستە بگیرێتەبەر لە پێناو ئاراستەکردنی چالاکییەکان بە ئامانجی جێبەجێکردنی لە ماوەیەکی دیاریکراودا (عزیز،٢٠١٩: ١٦٥)

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر (٢٦) بیست و شەش پلان بۆ هەریەک لە گرووپی ئەزموونی بە پێی (مۆدێلی لاندا) و کۆنترۆڵکراو بەرێگای ئاسایی ئامادەکرد، و نموونەیەک لەم پلانە خرایەبەردەم هەمان پسپۆران ، لە پاش وەرگرتنی راوبۆچوونیان گۆرانکاری پێویست لە پلانەکەدا کرا.

**٣-٦ئامرازەکانی توێژینەوە**

ئامرازەکانی توێژینەوە ئامرازێکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کە لەرێگەیەوە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوە دەدرێتەوە، بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە و تاقیکردنەوەی گریمانەکان (العزاوي ، ٢٠٠٨: ٦٦) لە توێژینەوەی زانستیدا چەند ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری هەیە ،وە لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ئامرازێک نییە بۆ هەموو توێژینەوەکان بگونجێت. (بۆکانی ،٢٠٢٠: ١٤٨)

بۆ ئەم مەبەستە دوو ئامراز ئامادەکرا :

**٣-٦-١ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن**

تاقیکردنەوەی دەستکەوت باوترین ئامراز وشێوازەکانی هەڵسەنگاندنن کە لەهەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکانی فێربووندا بەکاردەهێنرێن, لەبەر ئەم هۆکارەش بەشێوەیەکی فراوان لە دیاریکردنی بری ئامانجە پەروەردەییەکان کە بەدەست هاتوون بەکاردەهێنرێت .(الحیلة ،١٩٩٩: ٤٠٧) یەکێک لە پێداویستییەکانی توێژینەوە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوتە بۆ پێوانەکردنی دەستکەوتی خوێندنی نموونەی توێژینەوەکە، لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان /جوگرافیا.

**٣-٦-٢ ئامادەکردنی برگەکانی تاقیکردنەوە**

توێژەر ژمارەی برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی ئامادەکرد کە لە دوو جۆر پرسیار پێکهاتبوو، جۆری یەکەم (٢٥) برگە بوون لە جۆری پرسیاری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک بە چوار جێگرەوە (بدائل) بۆ هەر برگەیەک، ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بۆ پێوانەکردنی بواری مەعریفی خوێندکاران لە ئاستی (بیرهێنان ،تێگەشتن ،جێبەجێکردن ، شیکردنەوە،) هەروەها (١٠) پرسیار لە جۆری گوتاری، ئامرازەکە لەلایەن ژمارەیەک پسپۆرو شارەزاوە پشت راست کراوەتەوە، ئەگەر لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت ئاوێتەبوون هەبێت لە نێوان برگەکانی بابەتی و برگەی گوتاری ئەوە

نوێنەرایەتی باشترین شێوازی تاقیکردنەوە دەکەن ،هەریەکەیان لاوازی ئەوی دیکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە ،لەسەر شایستەیی دەمێننەوە.

(الظاهر و اخرون ، ١٩٩٩ :٨٦).

**٣-٦-٣ ڕاستێتی تاقیکردنەوە**

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی شێوازی هەڵسەنگاندنی سەرکەوتوو، مەبەست لە ڕاستێتی ئەو بڕگەیەیە کە دانراوە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە لە پێناویدا دانراوە(**عبدالرؤوف** و اخرون ، **٢٠١٧ :٦٨**)

بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستێتی تاقیکردنەوەکە ،توێژەر تاقیکردنەوەکەی خستەبەردەم کۆمەڵێک پسپۆڕو شارەزای بواری جوگرافیا و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانەو هەڵسەنگاندن، بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچونیان لەسەر بڕگەکانی تاقیکردنەوەوئاستی گونجاوی بڕگەکان، دەرکەوت ڕێژەی (٨٥٪) زیاتری بەدەستهێنا کە ژمارەیان (٣٥)بڕگەبوو ئەمەش بەپێی هاوکێشەی جی کۆپەرشیکارکرا.کە گونجاوی سەلمێنرا بۆ بەکارهێنان.

**٣-٦-٤ شیکاری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە:**

دوای ئامادەکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە، بەمەبەستی زانینی ئاستی گرانی بڕگەکان و هێزی جیاکاری کارای جێگرەوە هەڵەکان توێژەر تاقیکردنەوەکەی لەسنوری کۆمەڵگەی توێژینەوە لەسەر نموونەیەک لەدەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدا ،لەقوتابخانەی (وایزی نمونەیی) کە پێکهاتبوو لە (٦٠) خوێندکار، کە ئاگادارکرانەوە بۆ تاقیکردنەوە لەڕۆژی یەک شەممە (٢٠٢٥/٣/١٠) پاش دڵنیابوون لە تەواوکردنی بابەتی خوێندن دوای پڕۆسەی هەڵەچنی بۆ وەڵامی خوێندکاران بە پێی کلیلی ڕاستکردنەوە ڕیزبەندکردنی ئەو نمرانە بە شێوەی ژماردنی سەربەرەوخوار (تنازلی )لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین نمرە ،وە هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی ڕێژەی (٢٧٪) لە گرووپی ئاست بەرز و (٢٧٪) لە گرووپی ئاست نزم، وە کۆی گشتی ژمارەی خوێندکارەکان دەکاتە (٦٠) خوێندکار، پاشان توێژەر وەڵامی هەردوو گرووپی بە شێوەیەکی ئاماری شیکردەوە.

**٣-٦-٥ هاوکۆلکەی گرانی بڕگەکان**

بریتییە لە ڕێژەی ژمارەی ئەو خوێندکارانە کە بەدروستی وەڵامی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە دەدەنەوە.

(علام ،٢٠٠٠ : ٢٨٨)

بۆ دەرهێنانی هاوکۆلکەی قورسی هەربڕگەیەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوە توێژەر یاسای هاوکۆلکەی گرانی بەکارهێنا دەرکەوت کە ئاستی بڕگەکانی جۆری تاقیکردنەوەی بابەتی دەکەوێتە نێوان (٠،٢٩) و (٠،٥٧) وە ئاستی گرانی پرسیارەکانی جۆری گوتاری وەڵام سنوردار دەکەوێتە نێوان (٠،٤٤) و (٠،٤٢) بەمەش ئاستی گرانی هەموو بڕگەکان پەسەندن، بە پێی ڕێژەی هاوکۆلکەی گرانی یان ئاسانی پەسەندە ئەگەر مەوداکەی لە نێوان (٢٠٪ - ٨٠٪) بێت. (**شوانی ، ٢٠١٨ :١١٤**).

**٣-٦-٦ هێزی جیاکاری بڕگەکان**

مەبەست لە هێزی جیاکاری بڕگەکان ئەوەیە توانای هەر بڕگەیەکە لەسەر جیاکردنەوەی نێوان ئەو خوێندکارانەی کە ئاست و توانایان بەرزە وە ئەو خوێندکارانەی کە ئاست و توانایان نزمە لە وەڵامدانەوەی هەربڕگەیەک . (**الكبيسي ، ٢٠٠٧ :١٧٨**)

توێژەر بە پێی هاوکێشەی تایبەت بە هێزی جیاکاری بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەرهێنا بۆی دەرکەوت بۆ بڕگەکانی جۆری بابەتی لە نێوان (٠،٣٠-٠،٥٣) دایە بۆبڕگەکانی جۆری پرسیاری گوتاری وەڵامی سنوردار لە نێوان (٠،٣٣ – ٠،٢٣) دایە ، هەموو بڕگەکانی تاقیکردنەوە پەسەندە ئەگەر ڕێژەکەی (٠،٢٠) زیاتر بێت.

(**الضاهر واخرون،١٩٩٩ :١٣٠**)

**٣-٦-٧ کارایی جێگرەوە هەڵەکان**

جێگرەوە هەڵەکان کاتێک کارا دەبێت ژمارەی خوێندکارانی گرووپی ئاست بەرز کە وەڵامی ڕاستەکەیان هەڵبژاردووە زیاتر بن لە ژمارەی خوێندکارانی گرووپی ئاست نزم کە هەمان وەڵامیان هەڵبژاردووە بەڕێژەیەکی کەمتر و گرانی جێگرەوەکانی فرە هەڵبژاردن بەندە بەڕادەی لێکچوون و نزیکایەتی ڕواڵەتی لە نێوان جێگرەوەکان. (**شواهین ، ٢٠١٨ :٩٨**)

ئامانجی شـیکردنەوەی کارای جێگرەوە هەڵەکان لە ئەنجامی پشـکنینی جێگرەوە هەڵەکانی برگەکانی هەرتاقیکردنەوەیەک کە چەند بژاردەیەکی لەخۆگرتبێت پێیان دەوترێت (گومراکان ) ئەم شـــیکارییە دەتوانرێت ئەنجام بدرێت ئەگەر بەهای ڕێژەی جیاکاری بابەتەکە نێگەتیڤ بێت ، یان نزیک بێت لەسفر، یاخود سفر بێت. (**علام ، ٢٠٠٠ : ٢٩١).**

توێژەر بەبەکارهێنانی هاوکێشەی دیاریکردنی کارایی هەرجێگرەوەیەک بۆ (٢٦) برگەی تاقیکردنەوەی بابەتی دۆزرایەوە کە دەکەوێتە نێوان (-٠،٠١٠) (-٠،٢٦) دەرکەوت کە جێگرەوە هەڵەکان سەرنجی زیاتری ژمارەی خوێندکارانی گرووپی ئاست نزمی ڕاکێشـاوە تا ژمارەی خوێندکارانی گرووپی ئاسـت بەرز، جیاوازییەکەش زیاترە لە ڕێژەی (-٠،٠٥)ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو جێگرەوەکان شیاون بۆ هەربرگەیەک لە برگەکانی تاقیکردنەوەکە. (**الضاهر واخرون،١٩٩٩ : ١٣١)**

**٣-٦-٨ جێگیری تاقیکردنەوەکە**

جێگیری تاقیکردنەوە بەومانایە کە تاقیکردنەوەکە هەمان ئەنجام دەدات یان نزیک لەو ئەنجامەی بەدەستهێنا ئەگەر هاتوو زیاتر لە جارێک جێبەجێ بکرێت بەسـەر هەمان گرووپ لە هەمان هەلومەرجی هەوشـێوەدا ،ئەوکاتە بەتاقیکردنەوەیەکی جێگیر ئەژمار دەکرێت (**الشجيري والضهيري،٢٠٢٢ : ٢٨٢)**

توێژەر تاقیکردنەوەکەی لەسەر (٤٠) خوێندکار لەخوێندکارانی قوتابخانەی نموونەی (وایز) ئەنجامدا لەڕۆژی دووشەممە (٢٠٢٥/٣/٢٥) پشتبەستراو بەشێوازی (Test-re-Test ) وە جیاوازی کات لەنێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم ماوەی نزیکەی (دوو هەفتە ) بوو کەبەکاتێکی گونجاو دادەنرێت ، بەپێی ســەرچاوەکانی پێوانە و هەڵســەنگاندن. (**علام ،٢٠٠٥ : ٢٣)**

بەهەژمارکردنی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (لەنێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم بۆ دەرهێنانی هاوکۆلکەی جێگیری تاقیکردنەوە بەبەهای (٠،٩١) بوو، (**مصطفي ،٢٠٢٣ : ٧٤)** ئاماژە بەوەدەکات کە (هەر تاقیکردنەوەیەک جێگیرییەکەی لە نێوان (٠،٧٠ - ٠،٩٠) بێت بە تاقیکردنوەیەکی باش دادەنرێت.

(**الشواهين ،٢٠١٨ : ١١٩)**

**٣-٧ جێبەجێکردنی ئەزموونی توێژینەوەکە**

**بەمەبەســتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پاشـــەکی، ڕۆژی پێنجشـــەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٤/١٠) پاش ئامادەکردنی کەشێکی ئارام و ژینگەیەکی وەک یەک لە دووهۆڵی خوێندندا ئامادەسازی کرا, بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن بۆ هەردوو گرووپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لەبابەتی خوێندراوی کاتی بەڕێوەچوونی ئەزموونی توێژینەوەکەدا لە بابەتەکۆمەڵایەتییەکان/جوگرافیا.**

**٣-٨ ئامرازە ئامارییەکان**

بۆ گەیشـتن بە ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر هەگبەی ئاماری ($^{26}$ version – spss )ی بەکارهێناوە لەســەر بنەمای ئەم هاوکێشانەی خوارەوە :

**١-تاقیکردنەوەی تائی:** بۆ دەرهێنـانی هـاوتـای نێوان هەردوو گروپ لە هەندێ گۆڕاو و دەرهێنـانی هێزی جیاکەرەوەی برگەکانی پێوەری مانەوەی زانیاری و دەستکەوتی خوێندن .

**٢-هاوکۆلکەی کای٢:**بۆدۆزینەوەی هاوتایی نێوان هەردوو گرووپی نموونەی توێژینەوە لە ئاســتی ئەکادیمی دایکان و باوکان.

**٣-هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرســۆن:** بۆ دۆزینەوەو دەرهێنانی جێگیری تاقیکردنەوەی دەســـتکەوتی خوێندن لەڕێگەی دوبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە .

**٤-هاوکێشـەی کوپەر:** بۆئەژمارکردنی ڕێژەی ڕێکەوتنی نێوان شـارەزایان و پسپۆڕان بۆ ئاماژەدان بە ڕەوایی برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت. (**علام ،٢٠٠٥ : ١٨٥)**

**٥-هاوکێشــەی ئاسـتی قورسـی برگەکان:**بۆدۆزینەوەی ئاسـتی قورسـی و ئاسـانی برگەکانی تاقیکردنەوەی دەسـتکەوت . (**علام ،٢٠٠٠ : ٢٦٨)**

**٦-هێزی جیاکردنەوەی برگەکان :**بۆ دەرهێنانی ئەنجامی هێزی جیاکەرەوەی هەربرگەیەکی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە جۆری بابەتی. (**ملحم ،٢٠٠٠ :٢٣٦**)

**٧-کارایی جێگرەوە هەڵەکان:**بۆدۆزینەوەو دەرهێنانی ڕادەی کارایی جێگرەوە هەڵەکانی هەربرگەیەکی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لەجۆری بابەتی (**عودة ،٢٠٠١ : ٢٩١**)

**٨-هاوکۆلکەی دوجای ئیتا :**بۆخستنەڕووی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەرگۆڕاوی پاشکۆکان.

**٩- هاوکۆلکەی کوهین :**بۆدۆزینەوەی نرخی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆکان.

**٤-١خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و تاوتوێکردنیان:**

لەم بەشەدا شیکردنەوە بۆ داتاکان و خستنەڕووی ئەنجامەکان دەکرێت.

**٤-١-١خستنەڕووی ئەنجامەکان :** جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی ( 0.05 ) لەنێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی کە بە (**مۆدێلی لاندا**) وانەیان پێدەوترێتەوە لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گرووپی کۆنتڕۆڵکراو کە هەمان بابەت بەڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن.

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانەیە ، توێژەر ناوەندە ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان /جوگرافیا دەرهێنا بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T.test) بۆ هەردوو گرووپ لە ڕێگەی بەرنامەی ئاماری (Spss)، لە ئەنجامدا دەرکەوت نرخی (T) ئەژمارکراو کە ( 8.925 ) نمرەیە گەورەترە لە نرخی خشتەی کە ( ٢،٠٢٨) نمرەیە ، کەبەنمرەی ئازاد (٣٤)لە ئاستی بەڵگەداری ( 0.05 ) ،بڕوانە خشتەی ژمارە (12)

خشتەی ژمارە(12)

ناوەندە ژمێرەی و لادانی پێوەری و بەهای (T.test) ئەژمارکراو و خشتەیی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن

| گرووپ | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی(T) ئەژمارکراو | نرخی(T) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ١٨ | ٣٠،٧٨ | ٢،٠٤٥ | ٨،٩٢٥ | ٢،٠٢٨ | ٣٤ | بەڵگەدارە |
| کۆنتڕۆڵکراو | ١٨ | ١٩،١١ | ٥،١٥٥ | | | | |

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری (مۆدێلی لاندا ) لەسەر دەستکەوتی خوێندنی خوێندکاران هاوکۆلکەی (ئیتاوکۆهین ) ($n^2$) (d) بەکارهێنرا .دەرکەوت کە نرخی قەبارەی کاریگەری بۆ دەستکەوتی خوێندن بریتییە لە (٣،٠٦)بە نمرەی ئازاد (٣٤) کەواتە قەبارەی کاریگەرییەکەی ( بەهێزە ) بەبەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە : بڕوانە خشتەی ژمارە (13)

**خشتەی ژمارە(13)**

**هاوکۆلکەی(ئیتاوکۆین )بۆ نرخی قەبارەی کاریگەری مۆدێلی لاندا لە سەر گۆڕاوی پاشکۆی دەستکەوتی خوێندن**

**٤-٢ تاوتوێکردنی ئەنجامەکان :**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | گروپ | قەبارەی نمونە | نرخی (T)ئەژمارکراو | نمرەی ئازاد | ی ($n^2$)نرخی ئەژمارکراو | نرخی (d)ئەژمار کراو | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | ئەزموونی | ١٨ | ٨،٩٢٥ | ٣٤ | ٠،٧٠٠ | ٣،٠٦ | زۆر بەهێزە |

لەبەر ڕۆشنای ئەنجامەکان کە لە خشتەکانی (12-13)خراونەتەڕوو دەردەکەوێت کە گریمانەی (سفری)ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە (بەدیل) پەسەند دەکرێت، واتە ئەمەش بەومانایەی کە لەڕووی ئامارییەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە دەستکەوتی خوێندن لەلای خوێندکاران لە بابەتی کۆمەڵایەتی /جوگرافیا هەیە لە نێوان هەردوو گرووپی توێژینەوەکە لەبەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی ، توێژەر شیکردنەوەو لێکدانەوەی بۆ گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندن بەشێوەیەکی سروشتی مۆدێلی لاندا ڕۆڵی جیاواز دەدات بەخوێندکار لە پرۆسەی فێربووندا، وا لەخوێندکار دەکات بتوانێت زانست لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا بەکاربهێنێت ،وە گەڕان بەدوای زانیاری دا لە فێربووندا بەمەبەستی پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی خوێندکار ئەمەش وای لێدەکات خوێندکار بیرکردنەوە بەرهەم بهێنێت.

(Landa , 1983 :65)

چونکە خوێندکار ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە پرۆسەی فێربووندا و بەشداری باسەکە دەکات و پرسیار دەکات و وەڵام دەداتەوە خوێندکار لە هەموو کاتەکانی وانەکەدا بەئاگایە و بەشدارە لەگەڕان بە دوای زانیاری و وردبوونەوە لە بابەتەکە و هەستکردن بە ڕێگایەکی جیاواز و چێژبەخشانە لەوەی کە خۆی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و وای لێدەکات خوێندکار هەست بە متمانە بەخۆبوونی لای دروست بێت و وانەکەی لەلا ئاسان بێت ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەشتن و لەهەمان کاتدا بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندنی خوێندکاران لە وانەکەدا، بەبەراورد بەڕێگای ئاسایی.

**٥-١ دەرئەنجامەکان**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکان، توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

**١. باڵادەستبوونی گرووپی ئەزموونی بەهۆی بەکارهێنانی مۆدێلی لاندا لە دەستکەوتی خوێندن لەبەرامبەر گرووپی کۆنترۆڵکراو بەهۆی بەکارهێنانی ڕێگەی ئاسایی.**

٢. پێدانی دەرفەتی زیاتر بە خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی و بەشداری چالاکانەیان لە پرۆسەی پەروەردەیی و ئەنجامدانی چالاکییە پراکتیکییەکان، بەهۆی بەکارهێنانی مۆدێلی لانداوە.

٣. گەشەکردنی توانای خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی لە چارەسەرکردنی کێشەکان و دۆزینەوەی زانیاری کە چەندین بابەت و چالاکی زانستی لەخۆگرتبوو لە بەشداریکردن و هاندانی خوێندکاران بۆ بەدەستهێنانی زانیاری نوێ.

**٥-٢ڕاسپاردەکان :**

١- یەکەی ئامادەکاری و ڕاهێنان لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردە خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان ڕێکبخات کەوروژاندنی خوێندکاران مۆدێلی وانەوتنەوەی مۆدێرن لە خۆبگرێت ،لەوانەش بەکارهێنانی مۆدێلی لاندا.

٢- گرنگە مامۆستایانی قۆناغەکانی بنەڕەتی و کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی گرنگی بدەن بە فێربوونی چالاک لە نێوانیاندا مۆدێلەکانی وانەوتنەوە لەوانە (مۆدێلی لاندا ) لەناو پەرتووکی پلان و پرۆگرامی ئەو مامۆستایانەی بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە دەڵێنەوە .

٣- گرنگیدان بە دەوڵەمەندکردنی ژینگەی هاندەری پۆل وە دیزاین کردنی ئامێرە بینراو و بیستراوەکان و گرنگیدان بەو شێوازانەی چالاکییان تێدا زۆرە.

**٥-٣پێشنیارەکان :**

١- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان / مێژوو لەسەر هەمان پۆلی ئەم توێژینەوەیە .

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاریی لە نێوانی (مۆدێلی لاندا ) و مۆدێلێکی تر کە بۆ فێربوونی چالاک هەوڵبدات .

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر (مۆدێلی لاندا) بۆ بابەتی جوگرافیای قۆناغی ئامادەیی بۆ دیاریکردنی کاریگەری لەسەر گۆڕاوەکانی تری وەک : گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنارانە ، گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی جوگرافی .

**- سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

**١.** أمین ، شـــنۆ دەروێش (٢٠٢٣) : کاریگەری بەرنامەیەکی فێرکاری پشـــتبەســـت بە ســـتراتیجییەکانی وانەوتنەوەی داهێنەرانە لەســـەر گەشـــەپێدانی لێهاتوویی ژیریی و زیرەکی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوو .

٢. بۆکانی ، سابیر (٢٠٢٠) : میتۆدی توێژینەوەی زانستی ، چاپخانەو بڵاوکراوەی چوارچرا ،سلێمانی ، هەرێمی کوردستان .

٣. حسن،کوردستان محمد ئازاد (٢٠٢٣):کاریگەری بەرنامەیەکی فێرکاری بەبەکارهێنانی چەند ستراتیژییەکی نوێ لەسەردەستکەوت و گەشەی زیرەکی شوێن-بینین لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی جوگرافیا، تێزی دکتۆرا ،کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ،زانکۆی سلێمانی.

٤. قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2014)، سایکۆلۆژیا و ڕێگاکانی وانە وتنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

٥. مصطفى،کنعان اسماعیل(٢٠٢٣) : کارایی بەکارهێنانی کورسی گەرم لەسەر دەستهات لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و ئاراستەیان دەربارەی کۆمەڵایەتی(بڵاونەکراوە) کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی ،سلێمانی .

**سەرچاوە بە زمانی عەرەبی :**

٦. ابو جادو ، صالح محمد علي ،(٢٠٠٠) : علم النفس التربوي ، ط١ ، الاردن ، دارل الميصر للنشر و التوضيع.

٧. ابو جادو ، صـــالح محمد علي ،(٢٠٠٦) : نظرية الذكاء الناجح التحليلي والأبداعي والعلمي، ط١، ديبوتو للطباعة والنشر

والتوزيع، عمان، الأردن.

٨. أبو حطب، فؤاد واخرون(١٩٨٧) التقويم النفسي،ط٢، مكتبة الأنجلو المصرية،القاهرة.

٩. جابر،عبد الحميد جابر (١٩٩٩) ستراتيجيات التدريس و التعليم ط١ ، دار الفكر العربي القاهرة مصر.

١٠. الجبوري،عبدالكاضم عزيز(١٩٩٨):فاعلية برنامج التعليمي مقترح و وفق نظرية التعلم الموقفي في تحصيل التربية العلمية لدى طلبة كليات تربية، مجلة اوروک للعلوم الانسانية ،المجلد١٥،عدد١،الجزء١.

١١. الحيلة ،محمد محمود (١٩٩٩)التصميم التعليمي نظرية و ممارسة ، ط١ ، دار المسيرة.

١٢. الخزرجى ، ضمياء إبراهيم والعزي ، آحلام مهدى عبدلّله (٢٠١١) :الزكاء الاجتماعي وعلاقته بالتحصيل الدراسي لدي طلبات معهد اعداد المعلمات ، محث منشور في مجلة ديالي العدد السابع و الاربعون .

١٣. دروزة ،آ.ن ، (١٩٩٨) : نمازج في تطوير محتوى المناهج ،مجلة جامعة دمشق في العلوم الانسانية ،١٣(٤) صص ٣٨-٥١.

١٤. الدويش،محمد عبدالله (2010). الكفايات الاساسية للمعلمين. الرياض: مكتب التربية العربي.

١٥. الزند و.خ.،(٢٠٠٤) :التصاميم التعليمية الجدوز النظرية نمازج و تطبيقات عملية دراسات و بحوث عربية و عالمية

ط٢ . الرياض ، السعودية ، دراسات و بحوث عربية و عالمية.
١٦.الساعدي ،حسن حيال محيسن ، (٢٠٢٠) : المعلم الفعال و استراتيجيات و نمازج تدريسه ، ط٢ ، مكتب الشروق للطباقة و النشر ، ديالى ،العراق.
١٧. شحاته والنجار،حسن و زينب ،(٢٠٠٣) :معجم المصطلحات التربوية و النفسية ، كلية التربية ، دار المصرية البنانية، جامعة عين شمس ، القاهرة.
١٨. شوانى ، حسين شفيق (٢٠١٨) : اساسيات القياس و التقويم في المجال الرياضي ، ط١ ، دار الوفاء للدنيا الطباقة والنشر ،عمان – الاردن .
١٩. شواهين ، خير سليمان (٢٠١٨) :توجيهات حديثة في القياس والتقويم التربوي ،ط١، عالم الكتب الحديثة للنشر و التوزيع ، عمان الاردن .
٢٠. الشجيري الزهيري ، ياسر خلف و حيدر عبدالكريم (٢٠٢٢) : اتجاهات حديثة في القياس و التقويم النفسي و التربوي ، ط١ ، مكتبة ،المجتمع العربي للنشر و التوزيع ، عمان – الاردن.
٢١. عبدالرؤوف المصري ، طارق عبد و ايهاب عيسى (٢٠١٧) : المقايس والاختبارات – الصميم الاعداد -التنظيم ، ط١،المجموعة العربية للتدريب والنشر القاهرة ، مصر.
٢٢. العبيدى ، فائزة احمد جاسم (٢٠٠٦) : اثر استعمال طريقتي الاستكشاف الموجة و المناقشة الصفية في التحصيل الدراسي و تنمية الاتجاه العلمي لدى طلبة الصف الرابع الاعدادية ، رسالة ماجستر ( غير منشوره) ، كلية تربية -ابن رشد،جامعة بغداد.
٢٣. العزاوي ، رحيم يونس كرو(٢٠٠٨) : مقدمة في منهج البحث العلمي ،ط١ ، دار دجلة للنشر و التوزيع ،عمان.
٢٤. عزيز،شكوفه احمد(٢٠١٩) : اثر استخدام انموزج لاندا في التحصيل المعرفي و تنمية مهارات التفكير الابداعي لدى طالبات الصف السابع الاساس لمادة الكمياء ، جامعه صلاح الدين ،اربيل.
٢٥. علام ،صلاح الدين محمود (٢٠٠٠) :القياص و التوقيم التربوى والنفسي آساسياتة و تطبيقاتة و توجيهاتة المعاصرة ، ط١ ، دار الفكر العربي ، مدينة النصر – القاهرة.
٢٦. علام ، صلاح الدين محمود (٢٠٠٥) الأساليب الاحصائية الاستدلالية في تحصيل بيانات البحوث النفسية والتربوية والاجتماعية ، دار الفكر العربي ،القاهرة .
٢٧. عودة ، احمد سليمان (٢٠٠١) : القياس و التقويم في عملية التدريسية ، الطباعة الثاني ، دار الامل للنشر و التوزيع ، آربد – عمان .
٢٨. غضبان ،ا.م.د حميد قاسم (٢٠١٨):فاعلية آنموزج لاندا في التحصيل و الاتجاه نحو مادة علم الجتماع لدى طلاب الصف الرابع الادبي ،مجلة كلية التربية ،جامعة واسط .
٢٩. الظاهر ،زكريا محمد و اخرون (١٩٩٩) : مبادئ القياس و التقويم في التربية ، ط ١، دار الثقافة ، عمان .

٣٠. الكبيسي ، عبدالواحد (٢٠٠٧) القياس و التقويم ، دار الجرير للنشر ، ط١، عمان.
٣١. ملحم ، سامى محمد محمود (٢٠٠٠) : القياس و التقويم التربية و علم النفس ، الطبعة الاولى ، دار المسيرة ، عمان –

الاردن.
٣٢. المقوسي،ياسين علي(٢٠٢١) فاعلية انموذج لاندافي تنمية مهارات التفكير الابتكاري واكتساب المفاهيم الفقهية لدى طالبات الصف العاشر الأساسي في الأردن، المجلة العربية للعلوم ونشر الأبحاث-فلسطين،ع ١، ٨٥-١٠٠
٣٣. ناصر،م.ظ. و خنياب ،م.م.،(٢٠٠٣) : استراتيجية تدريس مادة التاريخ باستخدام الحقائب التعليمية لتحقيق التعليم الزاتي . مجلة كلية لاتربية الاساسية ، جامعة المستنصرية ، بغداد ، المجلد العدد (٣٧)، ص ٢١٥-٢٠٠.
٣٤. النعيمي ، فتحي حمدي (٢٠١٣) :اثر انموزج لاندا في اكتساب المفاهيم البلاغية و الاحتفاظ بها لدى طلاب الصف الخامس الادبي ،جامعة ديالى.
٣٥. يوسف ، ليلي جمعة صالح (٢٠٢١) : اثر استخدام نموزج لاندا البنائي لتنمية بعض عادات العقل والدافعية للانجاز فى مادة العلوم بامرحلة الاعدادية.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

36.Landa ,l,n,1983 instructional Regulation and control cybernetics Algorithimization and Heuristics in education ,Educational Technology Publications. ide/landamatic /link-htm// 15 november 2018.

37.Landa L.N. 1999 .Landmatic Instructional Design of Thinking . (online) Available at :http://4-id – net /knowl

## Research Summary

## The Effect of the Landa Model on Academic Achievement among Eighth Grade Female Students in Social Studies/Geography

The aim of this study is to investigate the effect of the Landa instructional model on the academic achievement of eighth-grade of basic education students in social science/geography. The researcher employed a quasi-experimental design with two equivalent groups. The total sample consisted of 36 students, divided into two groups: an experimental group of 18 students who were taught using the Landa model, and a control group of 18 students who were taught the same subject using traditional instructional methods. The study was conducted at Kurd genius Basic School.

Equivalence between the two groups was ensured based on the following variables: students' scores in social science from the previous academic year, age, level of intelligence, parents' educational level, and prior knowledge, assessed through a pre-test.To determine the content to be taught during the experimental phase, the researcher selected three units from the social science textbook. A total of 69 learning objectives were formulated based on Bloom's taxonomy, covering the cognitive levels of (recall, comprehension, application, and analysis).

Instructional plans were prepared for both groups accordingly. Afterwards, the researcher designed an achievement test to measure students' academic performance. The test consisted of (35) items, including (25) multiple-choice questions and (10) essay-type questions, constructed based on a table of specifications. To ensure the validity of the tools, they were submitted to a group of experts. For reliability, the test–retest method was used. Data were analyzed using the SPSS statistical package. The results revealed a statistically significant difference in the mean scores between the experimental and control groups, in favor of the experimental group. This indicates that the Landa model had a positive impact on students' academic achievement. In light of the findings, the study concludes that the Landa instructional model is effective in improving student performance in social studies. The study presents several conclusions and offers practical recommendations to enhance teaching strategies.

Let me know if you would like this formatted into an abstract or if you need assistance preparing it for publication or presentation

**Keyword :** Landas strategy ، Academic achievement ، Social materials ، Students .

**ملخص البحث**

اثر انموذج لاندا في تحصيل الدراسي لدى طالبات الصف الثامن الأساسي في المواد الأجتماعيات/ الجغرافية

استهدف البحث التعرف على أثر استخدام استراتيجية لاندا على تحصيل طلاب الصف الثامن الاساسي في المواد الأجتماعيات/ الجغرافية، لتحقيق هدف البحث اعتمدت الباحثة على التصميم التجريبي، وعدد افراد المجموعتين(36) طالبات وتوزيعها على مجموعتين، مجموعة تجريبية (18) طالبة، درست على وفق استراتيجية لاندا، ومجموعة ضابطة (18) طالبة درست طالبة بحسب الطريقة الاعتيادية في مدرسة ( كورد جينيەس ) الاساسية ، وأجرى الباحثة تكافؤ بين المجموعتين في المتغيرات( درجات التحصيل الدراسي السابق لمادة الاجتماعيات, العمر الزمني, درجات اختبار المعلومات السابقة, اختبار الذكاء, مستوى تعليم الابوين) كما حددت المادة العلمية بالفصول الثلاثة الاولى من كتاب الاجتماعيات المقرر, صيغت الأهداف السلوكية لهذه الفصول التي بلغ عددها (٦٩) هدفا سلوكياً متمثلة لمستويات اربعة لتصنيف بلوم في مجال (تذكر, فهم, تطبيق، التحليل) وفقاً لعدد الحصص المقترحة لكل فصل, ثم اعددت الخطط التدريسية لمجموعات البحث، تم إعداد أداة للبحث وهى الاختبار التحصيلي ، اذ تالف الاختبار من (٣٥) فقرة اختبار من نوعين، هي اختبارات موضوعية تتالف الاختبارمن (٢٥) فقرة من نوع الاختيار من المتعدد بأربعة بدائل، و(10)فقرات من النوع المقالي وتم, استنادا الى جدول المواصفات, التحقق من صدق الأداة بعد عرضها على مجموعة من المحكمين والمتخصصين، ثم تأكدت الباحثة من ثبات الاختبار بإعادة الاختبار، واستعملت الباحثة اختبار (ت) لمعالجة بيانات مجموعات البحث باستعمال برنامج SPSS للتحليل الإحصائي، وقد توصلت الباحثة إلى نتائج منها: وجود فرق دلالة إحصائيةً بين متوسط درجات طالبات المجموعة التجريبية الذين درسوا وفقا لستراتيجية لاندا و طالبات المجموعة الضابطة الذين درسوا وفقا للطريقة الاعتيادية في متغيري التحصيل الدراسي لصالح طالبات المجموعة التجريبية.

وفي ضوء نتائج البحث اكددت الباحثة تأُثير أنموذج لاندا في التدريس, في نهاية البحث قدمت الباحثة عددا من التوصيات والمقترحات.

**الكلمات المفتاحية** : استراتيجية لاندا ، التحصيل الدراسي ، المواد الاجتماعية ،الطلبة

sjh@univsul.edu.iq